# بەیاننامەی یەکێتیی دیموکراتی کوردستان سەبارەت بە ٨ی مارس ڕۆژی جیهانی ژن

٨ی مارس ڕۆژی جیهانیی ژنان، هێمای زیاتر لە دوو سەدە راچەڵەکینی ژنانی ئازادیخوازی جیهانە بۆ گەڕاندنەوەی بەها مرۆڤایەتییەکان بۆ سەر ڕێگای سرووشتیی خۆی، هەزاران ساڵە سرووشتی مرۆڤ لە سەر تەرازوویی نابەرابەری، پێناسەی نادرووستی بۆ کراوە و دەسەڵاتی نادادپەروەر، زێهنییەتی سەرکوت و زەوت کردنی مافەکانی مرۆڤی، کردووەتە کلتوور و داب و نەریتی چەند هزار ساڵەی ژیانی شارستانییەتانەی مرۆڤ.

٨ی مارس، بەگژداچوونەوەی سەپاندنی هێز و دەسەڵاتی تاکڕەهەندی پاتریمۆنیالیستی و پیاوسالاری و گەورەسالارییە، ڕۆژێک کە نە تەنیا بۆ یاد و مەراسیم، بەڵکوو ڕۆژێکە بۆ بەگژداچوونەوەی هەموو ستەم و نابەرابەری و نادادپەروەرییەکانی جیهان بە ڕۆحییەتی ژنانەوە، ڕۆحییەتی ژنانە، زامن و پارێزەری زایینە ڕەنگاڵەییەکانی هەزاران ساڵەی مرۆڤە کە بە هۆی زێهنییەتی ستەمکاری و خۆ بە گەورە زانینی تاک و بنەماڵە و عەشیرە و نەتەوە و چین و ڕەگەزەوە، هەمیشە لە بن هەڕەشە دابووە کە فرەڕەنگی و جیاوازییەکانی بسڕدرێتەوە، ٨ی مارس، دەروازەی چوونە ژوورەوەی ژیانی دیموکراتیکانە و دادپەروەرانەیە بۆ مرۆڤ، کە تێیدا هەموو جۆرە ستەمێکی چین، توێژ، ڕەگەز، جیندەر، ڕەنگ، زمان و نەتەوە و ئیکۆلۆژیکی ڕەت دەکرێتەوە.

زیاتر لە دوو سەدە خەباتی ژنان و پیاوانی ئازادیخواز بۆ سەلماندنی بەرابەری و یەکسانیی نێوان مرڤەکان و نەهێشتنی هەڵاواردنی ڕەگەزی و چینایەتی، هێشتا لە سەرەتای ڕێگایەکی دوور و درێژ و دژوار دایە، چوونکو زێهنییەتی باوکسالارانە و پیاوسالاری ڕەگ و ڕیشەی چەند هزار ساڵەی لە مرۆڤ چەقاندووە، جیهانێک لە ستەم و تاوان کە لەم سەردەمەدا دەیبینین، ڕواوی سەر ڕەگ و ڕیشەی ئەو زێهنییەتەیە کە هەموو ڕەهەندەکانی ژیانی مرۆڤی تەنیوێتەوە و هەر جارە خۆی لە بەرگی ئایدئۆلۆژی و ئایین و مەزهەب و کلتووری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکدا نوێدەکاتەوە و لە هەیکەلی حیزب، گرووپ، لایەن، ڕەوت و دەوڵەت و سیستەمی ناوچەیی و جیهانیدا خۆی ڕێکدەخات.

یەکێک لەو دەسەڵاتە دەوڵەتیی ئایدئۆلۆژیکییە دینییەی کە مرۆڤی سەردەم گیرۆدەی بووە، کۆماری ئیسلامی ئێرانە کە چوار دەیە لە ستەم و نابەرابەری و هەڵاواردنی سەپاندووە بە سەر خەڵکی ئێران بەگشتی و بەتایبەت ژنان وەک سەرەکیترین قوربانیانی ئەو سیستەمەن کە خەباتی بێوچانی ژنانی ئازادیخواز و پیاوانی دادپەروەر، هێشتا نەیتوانیوە بنیاتەکانی ئەو دەسەڵاتە ستەمکارە عەقڵخەسێنە ڕووبەڕووی قەیرانی جیددی بکات و هەیکەلی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بهەژێنێت، کە هۆکارە سەرەکییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ میراتی چەند هزار ساڵەی زێهنییەتی پیاوسالار و پاتریمۆنیاڵ کە بەرگە ئایدیۆلۆژیکی و ئایینییەکان یارمەتیدەر بوون بۆ داپۆشینی کۆمەڵگە و خەواندنی، ٨ی مارس، دەتوانێت بکرێت بە دەلاقەیەک بۆ تیشک خستنە ناوەوەی ئەو میراتە داپۆشەرە ئایدئۆلۆژیکی و دینییە کە کۆماری ئیسلامی لە سەری، خۆی ڕاگرتووە و ئەورۆکانە بووتە یەکێک لە گەورەترین ستەمکارەکانی سەر مرۆڤ و تایبەت ژنان لە ئێران.

دەبێ ئەوش لە بەرچاو بگرین کە لە کۆمەڵگەی ئێران و لە بن دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا، ئازادیخوازان و خەباتکارانی دادپەروەری و یەکسانیخوازی، هەمیشە لە هەوڵی بەگژداچوونەوەی ئەو سیستەمە پیاوسالارییە دینییەیانداوە و هیچکات کۆماری ئیسلامی نەیتوانییوە قوفڵ و کلیل لە سەر هزر و ئەندیشەی کۆی کۆمەڵگە بدات و دەبینین کە ژنانی ئێرانیی، گەرچی بە تاک تاک و شێوەی جۆراوجۆر نارەزایەتییەکانیان بەرامبەر بە دەسەڵات و سەرکوت و سەپاندنەکانی دەر دەبڕن، لە هەمانکاتدا دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە دەلاقەیەکی هیوایە بۆ ڕوونکردنەوەی ڕای گشتی لە بەرامبەر ئەو سیاسەتە دژە ژن و دژە مرۆڤانەی کە کۆماری ئیسلامی پیادە وپەیرەوی دەکات.

وەک یەکێتیی دیموکراتی کوردستان، ٨ی مارس، لە هەموو ژنان، تایبەت کوردستان و ئێران پیرۆز دەکەین و باوەڕمان وایە کە سەدەی بیست و یەک سەدەی ژن و گەیشتن بە زێهنییەتی یەکسانیی ڕەگەزیە کە بە جێگیر بوونی ئەو زێهنییەتە، مرۆڤ هەنگاو دەنێتە نێو شارستانییەتی دیموکراتیکەوە کە هیچ جۆرە هەڵاواردنێکی ڕەگەزی و چینایەتی و نەتەوایەتی بوونی نابێت.

یەکێتیی دیموکراتی کوردستان
٧/٣/٢٠١٨

# بەیاننامەی یەکیتیی دیموکراتی کوردستان سەبارەت بە تیرۆری قادر قادری کادری حیزبی دیموکراتی کوردستان

**بەڕێزان: حیزبی دیموکراتی کوردستان و بنەماڵەی شەهید قادرقادری**

بەداخەوە هەواڵی دڵتەزێنی تیرۆری کادرێکی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە ناوی کاک قادر قادریمان بیست، وەک یەکێتیی دیموکراتی کوردستان هاوخەمیی خۆمان بۆ لە دەستدانی ئەو شەهیدە دەردەبڕین و سەرەخۆشی لە بنەماڵەی شەهید قادر قادری و حیزبی دیموکراتی کوردستان دەکەین. کردەوەی تیرۆر لە ژێر هەر ناو و پاساوێکدا، کردەوەیەکی قیزەون و نامرۆڤانەیە، کۆماری ئیسلامی ئێران بە هۆی سیاسەتە نەگریس و ستەمکارییەکانیەوە، بۆ سەپاندنی ستەم و ترس و هەڕەشە، تیرۆر وەک چارەسەر بەکار دێنێت و هیچ سڵ لە کەڵک وەرگرتن لەو کردەوە قیزەونانە ناکاتەوە و چوار دەیە لە دەسەلاتی کۆماری ئیسلامی پڕە لە کردەوەی تیرۆر و وەک دەوڵەت ماهییەتێکی تیرۆریستیی هەیە.

وەک یەکێتیی دیموکراتی کوردستان، هەموو جۆرە کردەوەیەکی تیرۆریستی و لە ژێر هەر ناو بە هەر پاساوێک مەحکووم و ئیدانە دەکەین و داواکارین کە لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات هەڵوێستێکی جیددی وەرگرن و بەرپەرچی کردەوە تیرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران بدەنەوە و لە حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش داواکارین کە مەترسیی سەر لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات بە جیددی وەرگرن چوونکو ئەرکی پاراستنی لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات بە قورسایی لە ئەستۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە و پێویستە تیرۆرەکانی ئەم دواییە ڕوون بکرێتەوە و ئاکامەکانیشی بۆ ڕای گشتی بڵاو بکرێتەوە.

یەکێتیی دیموکراتی کوردستان
٧/٣/٢٠١٨

درێژەی :

**هەڵەبجە برینێک کە هەمیشە دەکولێتەوە**

**بەیاننامەی یەکێتیی دیموکراتی کوردستان سەبارەت بە ساڵیادی کیمیابارانی هەڵەبجە**

گەیشتە لووتکە و دڕندەیی داگیرکەران و نەتەوە دراوسێکانی کورد، لە قووڵایی جەهەنەمی بێویژدانیدا، لاپەڕەکانی مێژووی پێکەوەژیانی ناوچەکەیان لە فرمێسکی خوێنین و هەناسەی خنکێندراو و دووکەڵی خاکی سووتاوی کوردیان پڕ کرد و مێژوویەک لە ستەم و ستەمکارییان تۆمار کرد کە هەرگیز مرۆڤایەتی ناتوانێت وەرەقەکانی هەڵداتەوە و تووشی شەرمەزاری و ملکزکردن نەبێت لە ئاستی ئەو هەموو تاوانکارییەی کە بەرانبەر بە کورد کردوویانە.

لە سیهەمین ساڵیادی کیمیابارانی هەڵەبجە، ناوچەیەکی تری کوردستان لە بن بومباران و ئاگربارانی ڕق و کینەی ڕەگەزپەرەستی دایە، عەفرین لە ڕۆژئاوای کوردستان، کراوەتە ئامانجی دەوڵەتی تورکیای فاشیست و خاکی کوردستانیان کردووەتە گۆڕەپانی ڕەشەکوژی و گۆڕینی دیموگرافی کورد و دەیانەوێت ئەو ناوچەیەی کوردستانیش وەک چۆن ڕژێمی سەدام، لە هەوڵەکانیدا سەرنەکەوت ئەوان بە جۆرێکی تر و لە گۆشەیەکی ترەوە، تووشی جینۆساید و سڕینەوەی شووناس و گۆڕینی دیموگرافیی بکەن و بۆ هەمیشەی مێژوو کورد لە سەر خاک و زێدی خۆی ئاوارە و دەربدەر بکەن.

وەک یەکێتیی دیموکراتی کوردستان، لە ساڵیادی کیمیابارانی هەڵەبجە، یادی شەهیدان بەرز ڕادەگرین و هەڵەبجە بە هێمای ستەملێکراوی و بێکەسیی کورد لە جیهان دەزانین، لە هەمانکاتدا کە دەبێ ئەو هەوڵەی ڕژێمی بەعسی لە ناوچوو بۆ هەمیشەی مێژوو شەرمەزار بکرێت، هێرشی دەوڵەتی تورکیا بۆ سەر عەفرینیش لەم یادەدا، شەرمەزار و ڕیسوا بکرێت، یادی قوربانیانی کیمیاباران و هێرشە دڕندانەکانی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان بەرز ڕادەگرین و هیوادارین گەلەکەمان بە زووترین کات بگات بە سەربەستی و ئازادی، هەروەها ئاواتی ئەوە دەخوازین کە لە هیچ گۆشەیەکی ئەم جیهانە تاوانکاریی شەڕ ڕوونەدات، تاییەت بەکارهێنانی گازی کیمیایی بۆ شەڕ، کە دڕندانەتری و هۆڤانەترین جۆری مامەڵەیە لە گەڵ مرۆڤ و سرووشتدا.

یەکێتیی دیموکراتی کوردستان
١٥/٣/٢٠١٨